پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی دوو کەسی ڕاگەیاند کە بەشێوەی هەرەمەکی تەقەیان لێ کەسێک دەکرد

ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە، پۆلیسی هەولێر دەستگیرکردنی دوو کەسی ڕاگەیاند کە بەشێوەی هەرەمەکی تەقەیان لێ کەسێک دەکرد

پۆلیسی هەولێر لە ڕوونکردنەوەی ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە ڕایگەیاندووە، دوای ئەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوبووەوە کە دوو کەس بەشێوەیەکی هەرەمەکی لە بەرامبەر کەسێک تەقە دەکەن لەسەر هەبوونی کێشەیەک، دەستبەجێ تیمەکانمان لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەولێر دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد و بە یاری دادوەر تەمەتبارەک دەستگیرکرا.

پۆلیسی هەولێر لە کۆتایی ڕاگەیندراوەکەی پێیامەکی خستەڕوو، لەو پێیامە هاتووە "هەر کەسێک هەوڵی نانەوەی پشێوی بدات و یاساشکێنی بکات و بیەوێت ئارامیی شار تێکبدات، بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و ڕادەستی دادگا دەکرێت".